# ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت

سەهلی کوڕی موعازی کوڕی ئەنەس لە باوکیەوە دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی خواردنێک بخوات، پاشان بڵێت: (الحمدُ للهِ الذي أَطْعَمَنِي هَذَا، وَرَزَقْنِيهِ مِنْ غَيرِ حَوْلٍ مِنِّي وَلَا قُوَّةٍ)^؛ ئەوا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت». ^(واتە: حەمد وسوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم خواردن وڕزقەی پێبەخشیم بە بێ هیچ هێز وتوانایەک لە منەوە).
[حەسەنە] [رواه أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد]

پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- ڕێنموێنی مرۆڤ دەکات ئەگەر خواردنی خوارد ؛ سوپاسی وحەمدی اللە بکات، چونکە مرۆڤ تونای پەیدا کردنی خۆراك وخواردنی نییە مەگەر بە یارمەتی اللە نەبێت -سبحانە وتعالی-، پاشان پێغەمبەر -صلی اللە علیه وسلم- موژدەی دا بە ئەو کەسەی کە حەمد وستایشی خودا دەکات بەوەی شایستەیە خوای گەورە لە گوناهە بچووکەکانی پێشووی خۆش بێـت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5431

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee